# راپەڕین لە  سەرەتاوە تا کۆتایی
عەلی مەحمود محەمەد

روداوەکان دوای راپەڕین ئەگەر ئەنجامی نەبوایە, کەس خۆی ناکردە خاوەندی, وەك ئەوەی ١٧ی شوباتی ٢٠١١, سەرکەوتن باوکی زۆرە, شکستیش هەتیوە, ئێستاش ئەنواع چیرۆکی بۆ دەهۆننەوە, هەمووشی ناڕاستن.
لە راستیدا راپەڕین شکستی خوارد, هەڵاتنی خەڵك دوای شکستەکە کە ناوی کۆڕەوە, بەهۆی وێنە تراژیدییەکەیەوە سەرکەوت, لەوەشدا پارتەکان رێگر بوون, شەوی کۆڕەوی ٣١-٣-١٩٩١, تا بەیانی رێگریان کرد لە هەڵاتنی خەڵك لە شاری هەولێر, خەڵکیان خستە بەردەم ئاگری بەعس. یەکێك نییە بڵێ من یەکەم  کەس هەڵاتم؟, ئەندازیاری کۆڕەوم.

پێشینە مێژووییینیەکان
ئەگەر باسی راپەڕینی ٥ی ئاداری ١٩٩١ ی گەلی کوردستان بکەین, ناتوانین باسەکە دەرباز بکەین بێ ئەوەی بچینەوە سەر داگیرکردنی کوەیت و جەنگی کەنداوی دوو و  راپەڕینی باشووری عێراق کە ئیسلامی سیاسی شیعە ناوزەدیان کردووە بە راپەڕینی شەعبانییە, چونکە ئەگەر پانۆرامایەکی هەمە لایەنە نەخەینە بەردەست, وا دەبینرێت کەسێك هاتووە لە کوردستان راپەڕینی ئەنجامداوەو کۆشکە زستانییەکانی قەیسەرەکانی یەك لە دوای یەك گرتووەو فەتحیانی کردووە, بۆیە  کە باسی راپەڕین دەکەین  دەبێت روداوەکانی ئەو ٧ مانگ و سێ رۆژە لە ٢-٨-١٩٩٠ وە  بۆ ٥-٣-١٩٩١ بە وردی بخوێنینەوەو چاوێك بە تەقویمی رۆژەکانیدا بخشێنین, هەڵسەنگاندن بۆ وردو درشتی روداوەکانی بکەین, هەمووی تەواوکەری یەکن.
خۆ لەماوەی هەشت ساڵەی جەنگی ئێران عێراقدا ئەم لایەنە سیاسییانەی کوردستان و عێراق هەزاران جاریش نەبێت سەدان جار داوای راپەڕینیان لە خەڵ کرد, کەسیش گوێی لێیان نەگرت.
دەشێت کەسێك, فەرماندەیەککی پلە یەك  یان خوارتر دوای دەستپێکی راپەڕین لە عێراق بە ٥ رۆژ و زیاتریش لە کوردستان نەخشەی گرتنی شارو شارۆچکە و  مەخفەری پۆلیس و رەبایەیەك و دەزگایەك و خۆپیشاندانێکی داڕشتبێت, یان حیزبێك یان چەند حیزبێك دوای ئەنفال ورە بە بەریا هاتبێتەوە چەند مەفرەزەیەکیان لە کوڕی خەڵکی ناردبێتە خوارەوە, وەلێ لە گشتدا روداوەکان پێمان دەڵێن راپەڕین و کۆڕەو  محاڵەو بارودۆخی

زاتی نەك مەوزوعی هێنابیانیەتە پێشەوە, بەڵکە کارە زاتییەکان دوای روداوە مەوزوعییەکان کە گرتنی کوەیت و لێدانی عێراق و سیناریۆی خەیمەی سەفوان خولقاندویەتی, کارەساتی ئەو رۆژانە هێندە گەورەن مێژووی جیهانیان گۆڕی, جیهانیان لە جوت جەمسەرییەوە کردە تاك جەمسەری, هەموو کورد لەناو روداوەکاندا دڵۆپێکە لە دەریایەکدا.

پانۆرامای شەڕی دووەمی کەنداو "کوەیت"

لە کاتێکدا جیهان بەرەو روی داگیرکاری کوەیت لە لایەن عێراقەوە ببوەوە بە یەکێتی سۆڤیەتیشەوە, بۆ یەکەمجار ڤیتۆی بۆ پشتیوانی لە عێراق بەکار نەهێنا لە نەتەوەیەکگرتووەکان, ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمان رۆژ برشیاری ٦٦٠ دەرکرد, داوای لە عێراق کرد دەست بەجێ بکشێتەوە لە خاکی کوەیت, هەروەها لە رێکەوتی ٧-٨ ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی بیابانی راگەیاند, لە ١٦ ی سەپتەمبەریش بڕیاری ٦٦٧ ی بە کۆی دەنگ دا, کە عێراق تا ١٥ی ئۆکتۆبەر لە کوەیت بکشێتەوە. لە رێکەوتی ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٠ عێراق بڕیاری دا نەکشێتەوە لە کوەیت, بە دوایدا هاوپەیمانی جیهانی ئۆپەراسیۆنی زریانی بیابان رایگەیاند"ئۆپەراسیۆنی رزگاری کوەیت", کە لە رێکەوتی ١٧ ی یەنایەرەوە بۆ ٢٨ی فبرایەر بۆ ماوەی ٤٣ رۆژ بەردەوام بوو. ئۆپەراسیۆنەکە پێك هاتبوو لە هاوپەیمانی سوپای ٣٤ وڵات و بە بەشداری ٩٦٦٣٤٤ سەرباز کە ٧٤٪یان ئەمەریکی بوون.

لێدانی عێراق

لە بەرەبەیانی رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ١٧ی جەنیوەرییەوە فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان سەرتاپای عێراقیان بۆردومان کرد, بە بەشداری ٢٤٣٠ فرۆکەی پێشکەوتووی نوێی ئەوێ رۆژێ, هاوپەیمانان لە ماوەی چل و دوو رۆژدا١٠٩٨٦٧ جار بۆردومانی ناو عێراقیان کرد, بەڕێژەی ٢٥٥٥ جار لە رۆژێکدا, رۆژانە ٦٠٦٢٤ تەن باروتیان بەسەر خەڵك و دازەگا سڤیلەکان و سەربازگاکانی عێراقدا دەباراند, عێراقیان غەرقی دوکەڵ و ئاگرو خوێن و مەرگ و وێرانە کرد, شوێنەوارە تەندروستی و ژینگەییەکانی ئەو جەنگە تا هەنووکە ماوە, تەنها لە جارێکدا لە پەناگەی عامریە لە شاری بەغدا ئێسك و پروسکی ٣١٥ ژن و منداڵیان هاڕی و تاوانی جەنگیان ئەنجامدا.

هاوکات ئەمەریکا بە رۆکێتی دور هاوێژی کرۆز و بۆمبی هیشۆیی و بۆمبی زیرەك و چەکی لیزەری پێشکەوتوو تا دەگاتە یۆرانیۆمی چاککراو لە عێراقی دەدا, ٢٨٨ تۆماهۆکی لە دەریای سورەوە بە عێراقەوە نا, عێراقیش ٨٦ سکودی نا بە ئیسرائیل و سعودییەوە, بە گشتی لە دوای جەنگی کۆریاوە ,شەڕی کوەیت گەورەترین جەنگ بوو لە جیهاندا لە ماوەی چوار دەیەدا. لە بەرامبەردا سەدام حوسێن لە هەمان رۆژی راگەیاندنی زریانی بیابان, دایکی جەنگەکانی راگەیاند کە لای عێراقییەکان بە دایکی دۆڕانەکان بەناو بانگ بوو.

لەسەر داوای یەکێتی سۆڤیەت لە رێکەوتی ٢٢ی شوبات, عێراق رازی بوو هێزەکانی لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا لە کوەیت بکشێنێتەوە, لە رێکەوتی ٢٤ ی فیبریوەری ١٩٩١ هاوپەیمانان هاتنە ناو کوەیتەوە, ٢٦ مانگ لە هێزەکانی عێراقیان دا کە لە باری پاشەکشەدا بوو, لە ئەنجامدا لە ماوەی چەند کاژێرێکدا ٧٠ بۆ ١٠٠ هەزار سەربازی عێراقی کوژران و ٦٠٠٠٠ کەسیان بە دیل گیران, بە یەکێك لە گەورەترین تاوانەکانی مێژوو تۆمارکرا, لە گەڵ تێکشکانی٤٠٠٠ تانك, ٣١٠٠ توپ, ١٨٥٦ ئۆتۆمۆبیلی سەرباز گواستنەوە. ئەوەشمان لە یاد نەچێت لە ٢٣ی یەنایەر لە کۆی ٧٥٠ فرۆکەی جەنگی عێراق تەنها ١٢٢ فرۆکەی بە ساغی مابوو, ئەویشی تەسلیم ئێران کرد, ئەویش دەستی بە سەردا گرت. لە کاتێکدا لە ماوەی ٨ ساڵەی شەڕی ئێران - عێراقدا, هێزی ئاسمانی عێراقی جوڵەی لە هێزی ئاسمانی ئێرانی بڕیبوو, هەمان ئەو فڕۆکانە تاوانیان دژ بە ئێران ئەنجام دەدا, ئێستا لەسەر سینی زێڕین لە لایەن سەدامەوە پێشکەش ئێران دەکرێت.

عێراق لە پاشەکشەدا لە کۆی ١٠٨٠ بیرە نەوتی کوەیتی ٧٢٧ یانی تەقاندەوە, ملیۆنێك بەرمیل نەوتی رژاندە کەنداوی عەرەبییەوە, ١٢٨ پەڵە نەوتی گەورە کەنداوی عەرەبی داپۆشی, بەمەش گەورەترین تاوانی ژینگەیی لە مێژوودا ئەنجامدا. لە جەنگێکی ٩٩ کاتژمێریدا دۆڕانی خۆی راگەیاند, جۆرج بۆش لە ٢٧ی مانگ ئازادکردنی کوەیتی راگەیاند, ٢٨ی مانگ ئەمەریکا کۆتایی جەنگی راگەیاند.

وێنای شکستی سوپای عێراقی ئەو رۆژانە لە جەنگی جیهانیشدا نەبووە, ریزی دیلەکان و تەرمی قەراغ رێگاو بانەکان و دوکەڵ و تارمایی ئامێرە تێکشکاوەکان لە ناو چڕە دوکەڵی بیابانی پان و بەریندا شاشەی تەلەفزیۆنەکانی لە جیهاندا داگیر کردبوو, عێراق سێیەکی سوپاکەی لەو ٩٩ کاتژمێرە جەنگە لە دەستدا.

خێمەکەی سەفوان
ڕێکەوتی ٢-٣-١٩٩١ نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٦٨٦ی راوەستانی جەنگی دا, تیایدا عێراق رەزامەندی دا لە جێبەجێکردنی هەر ١٢ بڕیارەکەی لەو بڕیارە ئاماژەی پێ درابوو. بۆ جێبەجێکردنی تەکنیکی راوەستانی جەنگ , دانوسانەکانی ئاگربەست لە ٣ی ئازار لە ژێر خێمەی سەفوان دەستپێکرد.
کۆبونەوەکە لە فڕۆکەخانەی سەنام، سەر بە قەزای سەفوان، لە کاتژمێر ١١:٣٠ سەرلەبەیانی لە کەشێکی ئاڵۆز و بارگاوی بێ تەوقە کردن , وە پشکنینی هەموو بەشدار بووان دەستپێکرد. شاندی هاوپەیمانی ترساون لەوەی شاندەکەی عێراق بۆمب رێژ کرابێتن خۆیان بتەقێننەوە, بۆیە بە وردی هەموو پشکێنراون, کۆبوونەوەکە کاتژمێرێکی خایاند.
شاندی عێراقی پێکهاتبوو لە لیوا سوڵتان هاشم جێگری سەرۆکی ئەرکانی ئۆپەراسیۆنەکان و جەنەراڵ سەلاح عەبود فەرماندەی فەیلەقی سێ و دەریاوان نەوفال عەبدول حەفیز وەك وەرگێر. شاندی دانوستانکاری هاوپەیمانی پێکهاتبوو لە ژەنەڕاڵ نۆرمان شوارزکۆف فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان و شازادە لیوا خالید بن سوڵتان بن عەبدولعەزیز فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی عەرەب.
بە پێی رێکەوتنەکان نابوایە هیچ چەکێك کە تێك نەشکێنرابوون لە جێگای خۆیان جوڵە بکات, بەڵام رێگا بە کشانەوەی لیوای زرێپۆشی پاسەوانی کۆماری درا, تایبەت بە ئاسایشی ناوخۆیی, بەڵام لە کشانەوەیا لێی درا, هەروەها رێگا بە هەندێك کەرتی سەربازی دیکە درا.
لەسەر داوای سوڵتان هاشم لایەنی ئەمەریکی بەهۆی ئەوەی گوایە پردەکانی عێراق زۆریان روخاون بەهۆی بۆمبا بارانەکانەوە, ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بەکارهێنانی هێلیکۆپتەرەکانی عێراق لە چوارچێوەی سنوری وڵاتەکەی بۆ گواستنەوەی برینداران و بەرپرسان و حاڵەتەکانی دیکە, بەمەش دەرگای جەهنەم لە بەردەم ناڕەزایەتییەکان کرایە سەر پشت.

راپەڕینی باشووری عێراق

لە ٢٨ی شوباتەوە, شاری بەسرە جمەی دێت, چ لە ئەو سەربازانەی بە ساغی و بە برینداری لە ریزە دورو درێژەکاندا بە دوای یەك, دەڵێی مێرولەن, بە برینداری و سیمای خۆڵاوی و دوکەڵاوی چڵکنەوە, بە سکی برسی و جەستەی تێك شکاوەوە ملی رێگایان بەرەو ناو خاکی عێراق گرتۆتە

بەر. لە لایەکی دیکەوە کەسوکاری سەربازان لە هەموو عێراقەوە لە سەرسنووری کوەیتەوە تا بەسرە کۆبونەتەوە بۆ هەواڵپرسی رۆڵەکانیان.
لەم بارودۆخەدا لە کۆتا ڕۆژی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩١ پریشکی راپەڕین لە عێراق لە شارۆچکە سوننەییە سنوورییەکانی ئەبو خەسیب و زوبەیری ٦٠-٧٠ کیلۆمەتر لە باشووری بەسرە دەستی پێکرد، رۆژی دواتر لە رێکەوتی ١ی ئازار راپەڕین شاری بەسرەی گرتەوە؛ سوق ئەل شویوخ لە ٢ی ئازار؛ ناسریە و نەجەف و کوفە لە ٤ی ئازار؛ کەربەلا لە ٧ی ئازار؛ پاشان عەمارە و کوت و هەموو باشووری گرتەوە.
گوایە هەمان رۆژ ٢٨-٢-١٩٩١ لە شاری ناسریە ئەندامێکی حیزبی دەعوە دروشمی داوەو خۆپیشاندانی کردووە, بارەگای پۆلیس گرتراوە, دەست بەسەر چەکدا گیراوە, بەڵام بە بەرفراوانی پشت راست نەکراوەتەوەو روداوەکە لە ئاستی راپەڕین نەبووە.
شۆفێری زرێپۆشێك بە ناوی خەلیل جوەیبار کە لە نێو ئەو سەربازانەدا بوو لە زوبێرەوە کەوتنە رێ بۆ شاری بەسرە تاکو بڵێسەی شۆڕشەکە هەڵبگیرسێنن لە بەسرا وتی: سەدام پێشتر هێزەکانی پاسەوانی کۆماری بۆ شوێنێکی ئارام کشاندەوە, ئێمە ١٠٠ کیلۆمەتر بە پێ هاتینەوە بۆ ناو خاکی عێراق , برسی و تینوو و ماندوو بووین. لە زوبەیر بڕیارماندا کۆتایی بە سەدام و ڕژێمەکەی بهێنین, تەقەمان لە وێنەی سەدام کرد, سەدان سەربازی پاشە کشەکردوو بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەدا کرد, تا پاشنیوەڕۆ بوینە هەزاران سەرباز, خەڵکی سڤیل پشتگیرییان کردین و هاتنە ناو راپەڕینەکە, هێرشمان کردە سەر بارەگای حیزبی بەعس و دەزگای ئەمن و گرتمان , بۆ کاتژمێر ٣ی بەیانی رۆژی دواتر واتا ١ی ئازار راپەڕین گەیشتە شاری بەسرە.
ڕاپەڕینەکەی شاری بەسرە لەلایەن محەمەد ئیبراهیم وەلی ئەفسەرێکی عێراقی سەرپەرشتی کرا و هێزێکی لە تانك و زرێپۆش و بارهەڵگر کۆکردەوە بۆ هێرشکردنە سەر پارێزگا و فەرمانگەکانی پارتی بەعس و بارەگا ئەمنییەکان, زۆرینەی ڕەهای دانیشتوانی شاری بەسرە پشتیوانی شۆڕشیان کرد, سەربازەکان چالاکانە بەشدارییان کردو لەوانە فەوجی ٢٤ی میکانیك, دەرگای زیندانیان شکاند و سەدان زیندانی ئازاد کران.
لە سوق الشیوخ سێ گروپی چەکدار هێرشیان کردە سەر شارەکە. نزیکەی هەموو هاوڵاتییان ڕژانە سەر شەقامەکان و پەیوەست بوون بە راپەڕینەوە, عەبدول شەباجە ئەندامی مەجلیسی نیشتمانی عێراقی و بەعسی پێشوو لە سەرەتادا سەرکردایەتی بزووتنەوەکەی کرد لە سوق ئەلشیوخ.

له ڕێگای سنووری ئێرانەوە هێزە شیعەکانی وەك ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و حیزبی دەعوەو ئیتڵاعا و سوپای پاسداران زوو هاتنە ناو عێراقەوە, بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندەران و ئاراستەکردنی و دەست بەسەرداگرتنی, دیارە لە زووەکەوە لە ژێر فەرماندەیی قەرارگای نەسری سوپای پاسداران ئامادە کرابوون.

هەڵوێستە سەرەتاییەکان

محەممەد باقر ئەلحەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق لە بەیاننامەیەکدا دوای دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی لە ڕێکەوتی (١٧ی ژانویەی ١٩٩١) کە لە بەیروتەوە ڕاگەیەنرا، فەرمانی بە لایەنگرانی خۆی لە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق دا کە بچنە ناو هێزەکانی باڵی سەربازی ڕێکخراوەکەیەوە، هەروەها ئەو کەسانەی ڕاسپارد کە لە نزیك سنووری ئێران و عێراق جێگیر بن لە بەرامبەر "دەستدرێژی ئەمریکا". حزبی شیوعی عێراقیش دەستدرێژی ئەمریکای شەرمەزار کرد.

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان یش دژی بژاردەی شەڕ بوون؛ هەروەها بەرەی کوردستانی کە هاوپەیمانی حزبە کوردییەکان و هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق پێك هاتبوون، سەرجەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان لە دژی سوپای عێراق لە کوردستان ڕاگرت بۆ ئەوەی " لە پشتەوە چەقۆ لە سوپاکە نەدەن".

هاوکات تارانیش لەو ڕۆژگارە بووە شوێنی پەیوەندییەکانی عێراق, وەك ئال حەکیم وتەنی لەبەر تاریق عەزیز ئاگایان لە ئۆپۆزسیۆن نەمابوو, نزیك سەت ڕۆژی تەواو هاوپەیمانییە چوار قۆڵییەکەیان" قەرارگای نەسر, مەجلس ئەعلا, پارتی, یەکێتی" کۆبونەوەشیان نەکرد.

ئاراستەی خۆپیشاندانەکان باشوور بۆ کوێ؟

لە سەرەتادا ڕاپەڕین خۆڕسکانەو هەڵگیرسا, هیچ پەیوەندی بە هەوڵەکانی قەرارگای نەسر و مەجلس ئەعلاو کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە نەبوو.

وەك مۆفەق ڕەبیعی یەکێك لە سەرکردەکانی حیزبی دەعوە وتەنی ڕاپەڕیووە سەرکەوتووەکان گروپێکی هەمە چەشن لە سەربازانی سونەو بەعسی و چەپ و هەموو چین و توێژەکانیان لە خۆ گرت.

رەبیعی پێی وابوو ئەوانەی بە هەڵگرتنی وێنەی خومەینی و حەكیمەوە لە ئێرانەوە گەڕانەوە تەنها بە لە باربردنی ڕاپەڕینەكە سەركەوتوو بوون.
نەوشیروان مستەفا لەو بارەیەوە دەڵێت" لە ڕاستیدا ڕاپەڕینی باشوری عێراق سەرەتاكەی شتێكی عەفەوی بو، هێزێك لەو هێزانەی بە شكاوی لە كوێتەوە كشایەوە بۆ بەسرە، لولەی تۆپەكەی كردە یەكێك لە وێنەكانی سەدام و دایە بەر تۆپ ئیتر خەڵك ڕاپەڕی و پەلاماری دامودەزگاكانیان دا. ئەو كاتە مەجلسیش كادر و چەكدارەكانی خۆی ناردەوە بۆ شارەكانی جنوب. لە ڕاستیدا مەجلیس لەوەدا خەتایەكی گەورەیان كرد، هەرچەندە پێش ئەوەی هیچ كارێك دەست پێ بكەن، بەڵێنی ئەوەیان بە ئێمە دابو، كە شیعاراتی دینی نەهێننە ناو ڕاپەڕینەكەوە، بەڵام ئەو بەڵێنەی خۆیان بەجێ نەهێنا. پێشم وایە زەرەرێكی زۆر گەورە لەوان و لە ئێمەش كەوت، لە ئەنجامی ئەو شیعاراتە دینی و رەسمانەوە، كە خەڵك هەموی ئەزانێ چۆن بوە، لە ناو شارەكانی جنوبدا چالاكیان نواند. لە سەرەتادا ئێمە وەكو سێ ڕێكخراو تەنسیق لە نێوانماندا هەبو، بەڵام كە ڕاپەڕینەكە لە جنوبی عێراق دەستی پێ كرد تا حەدێكی زۆر پێیان وابو ئیتر مەسەلەكە حەسم بوە، ئەوەندە گوێیان نەئەدا بە ئێمە، بۆ ئەوەی تەنسیق لەگەڵ ئێمە بكەن. خۆیان خەریكی خۆیان بون، تا بەرەو تێك شكان چون. ئەو تەنسیقە ئەگەر ببوایە موحتەمەل بو زیاتر سودی هەبێ، یان ئەگەر ئەوان ئەو دروشمە دینیانەیان نەهێنایەتە ناو مەسەلەكەوە، ڕەنگ بو وا چاوپۆشییان نەكردایە لە لێدانی ڕاپەڕین دا لە ڕۆژانی ڕاپەڕین.".
بە وتەی ئیبرهیم ئەحمەد توێژەر "ڕاپەڕین كەم خۆی گرت و زۆری نەبرد فەوجەكانی سوپای پاسداران و ئیتلاعات و بەدرو حیزبی دەعوە كە چاوەڕوانی ڕۆژێكی وابوون سواری سەری ڕاپەڕینەكە بوون و لەباریان برد, وێنەی خومەینی و دروشمی شیعەگەرایان بەرز كردەوە.
بە وتەی ئیبراهیم ئەحمەد "ئەوان هەڵیانكوتایە سەر زیندان و بنكەكانی پۆلیس, ئەوانەی تۆمەتبار بوون بە كوشتن و دزیكردن ئازادیان كرد, هێرشیان دەكردە سەر دامەزراوە دەوڵەتی و كۆمەڵایەتییەكان تاڵانیان دەكرد، لە كوچە و گەڕەكەكاندا دەسوڕانەوە دەستدرێژییان دەكردە سەر ماڵ و دوكانەكانی خەڵك, تەنانەت هەندێكیان دەستدرێژییان دەكردە سەر ژنانیش".
دوای سەركوتی ڕاپەڕین ئێرانییەكان داوای چارەنووسی ١٥٠ ئەفسەری سوپای پاسدارانیان لە عێراق كردووە, گوایە لە ڕاپەڕین بزر بوونە, عێراقیش پێیانی وتووە ئێمە لەو كاتە لەگەڵ ئێوەدا لە جەنگدا نەبووینە, كەسی

وامان لا نییە, دوای روخانی سەدام ئەوانە کراونەتە شەهید لە عێراق و شەهیدانەیان بۆ دەرچووە.
لەو سەرو بەندەدا هێزەکانی هاوپەیمانی ئامادە نەبوون پێشوازی لە نوێنەری خۆپیشاندەرانی باشوور بکەن, هۆکارەکەشی باڵا دەستی ئاراستەی کۆماری ئیسلامی ئێران و  ئیسلامی سیاسی بوو لە راپەڕینەکەیان.

پێش راپەڕین لە یاداشتی حازم  کوتك و سەید کاکە

بزانین پارتەکانی باشووری کوردستان لە ئێران پێش داگیرکردنی کوەیت خەریکی چی بوونە, مام سەید کاکە لە یاداشتەکانی خۆیدا دەنووسێت"پێشمەرگە  دەستیان بەنوێژ کردبوو لە ترسی ئەوەی نەبادا لە ئێران دەربکرێن,  لە هەموی سەیرتر دەیان وت کورد بە هەموو شت رازیەو وایان دەزانی ئەو قاچاخچیانە بۆ سەدامی دەگێچرشنەوە , ئەمە حاڵی هەموو لایەنەکان بوو تا سەدام کۆێتی گرت. ".
ئیتر نازانم  مام سەید بۆ خۆی ئاگاداری ئەمەیە کاك حازم کوتك لەسەر پارتەکەی نوسیویەتی یان نا؟ "جێگای داخە تفەنگی ئەوانەی تەسلیم دەبوونەوە لە لایەن هەندێ بەرپرسی قاچاخچی دەبران بۆ زێوەی مەرگەوەڕ دەفرۆشان، بە تایبەتی بەرپرسانی یەکێتی و سۆسیالست.وەك ئەوەی بە ژیانیان پێویستیان بە چەك نەبێتەوە ل٣٢٤". کەواتە ئەم پارتانە زۆریان پێش داگیرکردنی کوەیت پێویستیان نە بە بیروباوەڕ مابوو, نە بە تفەنگیش.
مام جەلالیش لە یاداشتەکانیدا دەڵێت سەرکردایەتیمان چاویان لە مفاوەزات بوو,  یانی بەتەمای رەحمەتی سەدام بوونە لایەکیان لێ بکاتەوە.

رۆڵی ئێران  لە ئامادە کارییەکان

ئێران لە رۆژەکانی یەکەمی داگیرکردنی کوەیت, گرنگی بە پارتی و یەکێتی و مەجلس ئەعلا دەدات, هاوپەیمانیەتییەکان لە ژێر سەرپەرشتی و رێنوێنی قەرارگای نەسر بۆ دروست دەکات, پارتی و یەکێتی لە پاڵ بەرەی کوردستانی لەو هاوپەیمانیەتییەش کۆدەبنەوە, لێرە لە یاداشتەکانی خۆیانەوە بەشێك لە پانۆرامای هەوڵەکانی قەرارگای نەسر دادەنێین, هەرچەندە ماوەی ٣ مانگێك بە وتەی خۆیان کۆماری ئیسلامی ئێران ئیهمالیان دەکات.

لایەنە کوردییەکان پێشتر ١٩ چالاکی هاوبەشی لەگەڵ پاسدار ئەنجام دابوو, لەو چالاکیانە , پارتی ٨, ینك ٦ یان بەرکەوتبوو, ئەوانی دی حیزبولآکەی ئەدهەم پارزنی و حسك ئەنجامیان دابوو, بۆیە لێك تێگەیشتن و مومارەسەری رۆلچی وەستاو شاگردییان لەگەڵ یەکتر کردبوو.
بارزانی دەڵێت"لەم چوارچێوەیەدا شەوی ٦لەسەر ٧ی ئابی ١٩٩٠,شاندێکی ئێران کە پێك هاتبوو لە هەر یەکە لە مەسجدی، مەجید سەفایی، ئارامش لە لێکۆڵینەوەو تویژینەوە، جەواد جەعفەری، بەرپرسی دەزگای (ئیتلاعات) و شەرعی، بەرپرسی چالاکییەکان، سەردانی ڕاژانیان کرد و لە کۆبونەوەیەکەدا باس لە بارودۆخی نوێ و دوا پێشهات و گۆڕانکارییەکان کرا، هەروەها باس لە چۆنیەتیی خۆ ئامادەکردن لەم قۆناغە کرا ".
بەلام نەوشیروان مستەفا باسی لیژنەی سێ قۆلی دەکاتو قەرارگای نەسردەسرێتەوە"دوای ئەوەی عێراق کوێتی داگیر کرد، ئێمە لیژنەیەکی سێ قۆڵیمان هەبو، لە نوێنەرێکی یەکێتی، نوێنەرێکی پارتی و نوێنەرێکی مەجلیسی ئەعلای شۆرشی ئیسلامی. زنجیرەیەك کۆبونەوەیان کرد. دو لیژنە بون، لیژنەیەکیان لیژنەیەکی سیاسی بو بۆ تەنسیقی سیاسی، لیژنەیەکیان لیژنەی عەسکەری بو بۆ ئەوەی تەنسیقی عەسکەری بکەین. ئەو لیژنانە مەجموعەیەك ئیحتیمالاتیان باسکرد".
فەرەیدوون عەبدولقادرو بارزانیش دەڵێن" ١٤ی شوبات بارزانی و نەوشیروان مستەفا سەردانی کرماشان دەکەن" لەم کۆبوونەوەیە لە گەڵ قەرارگای نەسر و مەجلس ئەعلا دادەنیشن. ئەم کۆبوونەوانە تا ڕاپەڕین لە ژێر سەرپەرشتی ئاغای محەمەد سەرکردەی قەرارگای نەسر بەردەوام دەبێت. بە وتەی کاك فەرەیدون ئاغای محمدی، وەك سەرکردەی قەرارگای نەسر، دیاری کرابو بۆ هاوئاهەنگی!.
تەنانەت کاتێك لە سەرەتای مانگی ئازارەوە هێزەکانیان دەنێرنەوە, قەرارگای رەمەزان ئاگاداری چونەوە بۆ ناوەوەی هەندێکیان دەبێت و پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکات.
کاتێك راپەڕین دەست پێدەکات فشارەکان لەسەر لایەنە کوردییەکان زیاد دەکەن بۆ ئەوەی بەرەیەکی نوێ بکەنەوە, فشار لەسەر باشوور کەمبێتەوە" سەعات دەی ڕۆژی ١٩٩١/٠٣/٠١ سەرداری مەسجیدی فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان هاتە لای نەوشیروان مستەفا لە زەڵێ، بۆ سەعات ١٢ ی نیوەڕۆش شێخ مەولای سەرکردە لە مەجلیسی ئەعلا گەیشت و بەشداری کۆبوونەوەکەی کرد ".

## کۆبونەوەکان بەرەی کوردستانی و ڕاپەڕین

بەرەی کوردستانی نەخشەی B ی پارتی و یەکێتی بووە, بڕیارە گرنگەکان لە کۆبونەوە چوارقۆڵییەکانی قەرارگای نەسر, مەجلس ئەعلای ئیسلامی عێراق و پارتی و یەکێتی دەرچووە, بۆیەشە کە ١١ ی مارت لە قاسمە رەشەوە , ٦ رۆژ دوای دەستپێکی راپەڕین و ئازادبوونی زۆربەی کوردستان مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا دادەبەزن ئەندامەکانی دیکەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لە گەڵ خۆیان نەك ناهێنن بگرە ئاگاداریشیان ناکەنەوە.
مەلاحەسەن وەك سیاسییەکی قسە لە روو بوێر ناسرا بوو, لە یاداشتەکانی خۆیدا بەم شێوەیە باسی هەندێك لە کۆبوونەوەکان بەرەی کوردستانی دەکات" دوای ئەم دەست درێژییە نارەوایەی رژێمی عێراقی دژی کوێت ئێمە وەك ك.هەرێم داوامان کرد, کە سەرکردایەتی بەرە کۆببێتەوە بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێك لەو دەست درێژییەی رژێم هەرچەندە کارگێڕی بەرە بەیننامەیەکی لە دژی ئەم دەست درێژیە دەرکردبو. دیار بوو بڕیار درا بە گرێدانی کۆبونەوەکە لە گوندی راژان, لەم کۆبونەوەیەدا کاك مەسعود و کاك کۆسرەت ئامادە بوون, لە لای ئێمەشەوە هاوڕێ کەریم و من و هاوڕێ رەوەند کە نوێنەرمان لە کارگێڕی بەرە ئامادە بووین, کۆبونەوەکە هەر لە بەیانیەوە تا ئێوارە درێژەی کێشا.بەڵام هەر چەند وەفدی ئێمە زۆر هەوڵی دا, کە سەرکردایەتی بەیانێك دەربکات و رسوای ئەم دەست درێژی رژێم دژی کوێت بکات هەندێ لایەنی بەرە بە تایبەتی پارتی لە گەڵ دەرکردنی بەیاننامەدا نەبوون بەم شێوەیە کۆبونەوەکە بە بێ وەرگرتنی هەڵوێست کۆتایی پێ هات".
دیارە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە گەڵ بەیاننامەکەی دەستەی کارگێڕی بەرەی کوردستانیش نەبووە" بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرەی کوردستانی کە بارەگاکەی لەراژان بو لای کاك مەسعود بارزانی، بەیانێکی ئیدانەی دژ بە داگیرکردنی کوەیت دەرکرد. بۆیە یەکێتی دەستبەجێ نارەزایی دەربڕی و، نوێنەرەکەی خۆی کە کۆچکردو (جەبار فەرمان) بو لە بەرەی کوردستانی بۆ قاسمەرەش سەحبکردەوە، داوای لەبەرەی کوردستانیکرد کە ئەو بەیاننامەیە تەعبیر لەبیروڕای ئێمە ناکات بکێشرێتەوە".

بەرەی كوردستانی لە ١٢ی ئۆگستی ١٩٩٠, واتا ١٠ رۆژ دوای داگیركردنی كوەیت بڕیاری ئاگر بەستی دا بەرامبەر عێراق" حیزبی شیوعی و پارتی گەل دژی بڕیارەكە بوون, پاسۆكیش بەشداری نەكردبوو".
فەتاح تۆفیق فەتاح ناسراو بە مەلا حەسەن كە لەو كاتە نوێنەری حیزبی شیوعی بووە لە بەرە دەڵێت "لە ناوەڕاستی مانگی كانوونی دووەم ١٩٩١ بۆمبارانی ئاسمانی دەستی پێكرد.ئەم بۆمبارانەش نزیكە چل رۆژی خایاند پێش ئەوەی هێرشی سەر زەوی دەست پێبكات.ئێمە ئەم جارەش داوای بەستنی كۆبونەوەی سەركردایەتی بەرەی كوردستانی-عێراق كرد, دیسان رەزامەندی بۆ بەستنی ئەم كۆبونەوە كرا, لە گوندی راژان ئەم جارە مام قادر و من بەشداریمان كرد لە تەك هاوڕێ رەوەند لە كۆتایی مانگ....
دیسان كاك مەسعود سەرپەرشتی كۆبونەوەی كرد ئێمە لەو كۆبونەوەیەش داوای دەركردنی بەیاننامەمان كرد, بەڵام ئەمارەش پارتی رازی نەبوو لەسەر دەركردنی بەیاننامەكە. یەكێتیش لایەن گری دەركردنی بەیاننامەكە نەبوو, من تا ئێوارە سوور بونی خۆم لەسەر دەركردنی بەیاننامەكە كرد.
كاك مەسعود گوتی باشە بەیاننامەكە دەربكەین بەڵام رەنگە لەسەر ناوەڕۆكی رێك نەكوین, بەم جۆرە جارێكی تر كۆبونەوە بێ دەرئەنجام كۆتایی هات".
بەم شێوەیە بەیاننامەی سەركردایەتی سیاسی كەوتە دوای سێ رۆژ لە راپەڕینی خەڵكی كوردستان, كە سەرەتا لە كەڵەكەوە دەستی پێرد.
مەلا حەسەن دەڵێت "لە ٧ی ئاداری ١٩٩١ كاك مەسعود لە گەڵ هەندێ ئەندامی ە س پارتی هاتە قاسمە رەش ئێمەشیان ئاگادار كرد. كە ئێوارەی ئەو رۆژە كۆبونەوەی بەرە لە قاسمە رەش دەكرێ من و هاوڕێ مام صاڵەح بەشداریمان كرد لەو كۆبونەوە گرنگەی سەركردایەتی بەرەی كوردستانی كە بڕیار درا ئەمجارە بەیاننامەكە دەربكەین و جەماوەر لە هەمو كوردستان هانبدەین بۆ راپەڕین دژی دام و دەزگاكانی رژێم و لە كوردستان دەریان پەڕێنین. نووسینەوەی بەیاننامە بە كاك ئازاد بەرواری و من و هۆشەنگ لە پارتی گەل سپێردرا, ئێمەش هەر بەیاننامەكەمان ئامادە كرد و لە ئێزگەی یەكێتی و پارتی خوێندرایەوە بە بلاوكردنەوەی بەیاننامەكە جۆش و خرۆش ی جەماوەر زیاتر پەرەی سەند هەر بۆ رۆژی دوایی جەماوەری شاری سلیچمانی شاری هەلچمەت و قوربانی راپەڕین وشارەكەیان لە دامودەزگاكانی رژێم پاك كردەوە"." كۆبونەوەكە ٦ مانگ كراوە نەك ٧".
مەسعود بەرزانی تایبەت بەو كۆبوونەوەیە دەنووسێت " ڕۆژی ٦ی ئاداری١٩٩١سەردانی قاسمە ڕەشم كردو، لە گەڵ نەوشیروان مستافا و

برایانی سەرکردایەتی بەرە لە ناوچەکە کۆبومەوە، لە کۆبوونەوەکەدا کە ڕەسووڵ مامەندو مەلا حەسەن لە حیزبی شیوعی و م.شوان لە پاسۆك ئامادە بوون. دوای تاوتوێکردنی بارودۆخەکە، بڕیار درا کە لە هەردوو ئێزگەی دەنگی کوردستان و دەنگی گەلی کوردستانەوە زانیاری و ڕێنماییی پێویست بە جەماوەری کوردستان بدرێت. ".
لێ پێشمەرگەیەکی ئەو کاتی ینك بەناوی دانا حەمە عەزیز دەنووسێت" وتوێژەکانی نەوشیروان مستەفا و سەرکردایەتی یەکێتی بۆ قەناعەت پێکردنی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بۆ بەشداریکردن لە ڕاپەڕین، بێ ئەنجام بوو، هیچ کام لەلایەنەکانی بەرە ئامادە نەبوون بەشداری ڕاپەڕین بکەن، بەڵکو دژی بوون و خەڵکیان سارد ئەکردەوە، سەرکردایەتی حسك ئەیانووت ئێمە خۆمان توشی ئەم مەعمەعەیە ناکەین ".
مام سەید کاکە لەم بارەیەوە لە یاداشتەکانی خۆی بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە" ئێوارەیەك کادیرەکانی یەکێتی"سەفین مەلا قەرەو بەکرە سور و جەلال ئیلنجاخی" لەگەڵ چەند کادیرێکی دی ئەمانە لەناو یەکێتی کادیری پلە دوو بوون هاتنە سەردانمان و بێ هیوابوون دەیان گوت جارێکی تر کورد نە شەڕی پێدەکرێ و نە خۆپیشاندان, تا درەنگ گفتوگۆیان لە گەڵ کردین, دڵنیا بووم لەوەی کە رژێم رووخاوە بەڵام قسەکانی ئەوان زۆر کاری لێکردم, هەستان رۆیشتن خەوم لێکەوت سەعات ١٠ی شەو پاسەوانەکان بانگیان کردم گوتیان میوانت هاتووە, کە چووم سەیرم کرد" دوو مەلای ئەنجومەنی باڵا لە تەهران لە گەڵ بەرپرسی قەرارگای رەمەزان لە باختەران هاتبوون" چایان بۆ هێنان و چایان خواردەوە گوتیان هیچتان زانیوە لە رانییە؟, گوتم نەخێر هیچمان نەزانیوە گوتیان ئێوە هێزتان چۆتە خوارێ؟... من زۆر ترسام وام زانی خەبەریان لێداوین چونکە ئێران پێی ناخۆش بوو بچینە خوارێ و لە گەڵ لێدانی ئەمەریکا ئێمەش لە رژێم بدەین, گوتم بەڵێ کە شەڕ لە نێوان ئەمەریکا و عێراق راوەستا ئێمە پێشمەرگەمان بۆ لێدانی رژێم ناردە خوارێ, ئەوانیش گوتیان رانیە و پێشمەرگەی ئێوە واتە سۆسیالست لەناو رانیە یە راستی بێت هەموو حیزبەکان لەوانمان زانی کە رانیە گیراوە راپەڕین دەستی پێ کردووە.".
هەرچەندە فەرەیدون عەبدالقادر لە یاداشتەکەیدا دەڵێت" میحوەری ڕاپەڕین، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٥دا، توانییان شارۆچکەی ڕانیە بکەنە دەروازە بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکان.....".
پێی دەچێت لەو سەرو بەندەدا ئێران دژ بە لێدانی عێراق بووبێت, تەقە راوەستانەکەی بەرەی کوردستانیش لە ژێر کاریگەری ئێرانییەکاندا

بووبێت , ئەوان ترسابووبێتن لە لێدانی عێراق و هاتنی ئەمەریکا, ئەمەیان بە تەڵە بۆخۆیان زانیبێت, بۆیە نەیان هێشتووە بەیاننامەش دەربکەن, کە دوایی خۆپیشاندان خۆرسکانە لە زووبیچرەوە دەستی پێکرد, ئەوجا هەڵەکە دەقۆزننەوەو هانی پارتی و یەکێتی دەدەن بجوڵێن, لە لایەکی دیکەوە وەك مام جەلال ئاماژەی پێ دەددات خوا خوای مفاوەزات بوونە لە گەڵ بەعس, بەڵکە لەو بێهێزییەوە ئێسکێکیان بۆ فڕێ بدات.

سەید کاکە لەم بارەیەوە دەڵێت" یەکێتی خۆی ئامادە کرد, ئەگەر هاوپەیمانان لە عێراق بدات, ئەوانیش لێی دەن, بەڵام ئێران بەوە رازی نەبوو, یەکێتی پاشگەز بووەوە. ".

سەبارەت بەوەی لایەنەکان بەرەی کوردستانی ئامادە نەبوونە بەشداری راپەڕین بکەن, مەلا حەسەن دەڵێ چەندین سەرکردەمان وەك ئەبو فاروق, پەخشان زەنگەنە, جەلال دەباغ وە لە عەرەبەکان ئەبو یەسارو سەعدون و چەندینی دیکە لەناو شاردا بوون, لەناو خۆش هیچ کات بێ پێشمەرگەی شیوعی نەبووە, وە ئەوان لە ٦ی مانگ یەکەم خۆپیشاندانیان لە هەولێر رێك خست, کچەکەی مەلا حەسەن لە پێش جەماوەرەوە دروشمی داوە لە بەردەم پارکی شار لە جەرگەی هەولێر.

## گفتوگۆی ئەگەرەکان و نەخشەی راپەڕین

هەموو گفتوگۆو بەرنامەی راپەڕین, خوێندنەوەی ئەگەر بووە, هەموو لایەنەکان بە کۆمۆنیستەکانیشەوە کە لەو کاتە لەناو شاردا کاریگەر بوون و جەماوەریان هەبوو لە راپەڕین و دوای راپەڕین لە راماڵینی بەعس لە شاری هەولێر لە ١٧-٧-١٩٩١ رۆڵی گرنگیان هەبوو, لە کەڵەکەوە تا سلێمانی و هەولێر بەشداری چالاکانەی راپەڕینیان کرد, هەمووی لە ئەگەری نێوان لێدان و لێ نەدان, روخان و نە ڕوخان بووە, لە لێدان چی بکرێت لە لێ نەدان چی بکرێت, دیارە لە کاتی لێ نەدان بێدەنگی کردنەو هەستانە بە مایەی خۆ, با بزانین گفتوگۆی ئەگەرەکان چی بووە؟.

مام جەلال لە دیداری تەمەندا دەڵێت" من رام وابوو لە عێراق دەدرێ, برادەران رایان وابو, لیێ نادرێ ئەوە گاڵتەیە سەدام لە کومیت دەکشێتەوە, ..... لە ناو برادەراندا تەنها کۆسرەت پشتگیری راکەی منی دەکرد. برادەرانی تر رایان وابوو لێی نادرێ و خۆمان تووشی ئەو بەڵایە نەکەین و عێراق لێمان دەتۆرێ . ...ئەو کاتە هەستی گفتوگۆ کردن هەبوو لەگەڵ بەعس".

نەوشیروان مستەفا لەبارەی ئەگەرەکانەوە دەڵێت"ئەو کاتەی عێراق پەلاماری کوێتی دا، وەکو باسم کرد ئێمە بارەگاکانمان لە قاسمەڕەش و زەڵێ بو. زنجیرەیەك کۆبونەوەمان بە ئەندامانی سەرکردایەتی، بە فەرماندەکانی پێشمەرگە، بە کادرە پێشکەوتوەکانی یەکێتی، کرد بۆ ئەوەی چی بکەین و چی نەکەین، یان هەڵوێستمان چی بێت. لەو زنجیرە کۆبونەوانە ژمارەیەك ئەگەرمان دانا. ئەگەر بەو مانایەی عێراق ڕۆشتوە و کوێتی داگیر کردوە، ئەگەر لە کوێت کشایەوە، ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێ. ئەگەرێکی تر ئەوە بو، ئەگەر عێراق مایەوە و لە کوێت نەکشایەوە و لێی نەدرا. یەعنی ئەگەر عێراق توانی کوێت بکات بە بەشێك لە قەڵەمڕەوی خۆی، ئێمە هەڵوێستمان چۆن بێز".

لێ فەرەیدون عەبدوالقادر خۆی و حەمە تۆفیق بە ئەندازیای نووسینی ئەگەرەکانی ینك دەزانێت دەڵێت"کاك نەوشیروان داوای لە من و کاك حەمە تۆفیق کرد، بەرنامەی ئەگەرەکان بنووسین، حیسابی هەموو ئەگەرەکان بکەین!.

وەلێ رێباز کە لە یاداشتەکانیدا زۆر راستگۆیانەیە باسی ترسی خۆیان دەکات لە جولە کردن"لە ڕاستیدا ئێمە تەواوی ئاگاییمان لە چارەنووس ڕاپەرینەکەی ناوەڕاست وجنووب نەبوو، چونکە ئەوان هیچ پرس یان تەنسیقکیان لەگەڵ ئێمە نەبوو، بۆیە مەترسی ئەوەمان هەبوو ڕاپەڕینی ئەوێ تێکبشکێ و ئێمەش ئەگەر جوولەمان کرد ڕق و کینەی هەمووان بڕژێنێتە سەر گەلی کوردستانی بێ دیفاع، بۆیی وەك کارێکی سەرەتایی بڕیاردرا شانەی چەکداریی بۆ کاتی پێویست چەکدار بکرێن...".

سەرکەوتی جیهاز کە عەدەد جیهازی نەوشیروان مستەفا بووە لەو رۆژانەدا دەڵێت"داگیرکردنی کوەیت لە ٢ ی ئابی ساڵی ١٩٩٠، لە لایەن سەدام حسین ەوە، دەرفەتێکی زێڕین بو بۆ کورد و هێزەکانی تا تۆڵەی خۆیان لەبەعس بکەنەوە. سیاسەتی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو کات و ساتەدا ئەوە بو، کە هیچ بەیاننامەو تەسریح و هاشوهوشێك نەکرێ نە بە ئیدانەکردن، نە بەپشتگیریکردن، بەڵکە خۆمان بێ دەنگ بکەین و ئێستا ئیتر کاتی فەرمان و کردارو خۆئامادەکردنە بۆ ئەگەرەکان. ئەگەر سەدام لەژێر زەختی دەولی دا کشایەوە، ئەگەر نە کشایەوەو لێی درا.".

کۆبونەوە چوار قۆڵییەکانی قەرارگای نەسر لە گەڵ مەجلس ئەعلای ئیسلامی عێراق و یەکێتی و پارتی هەموو گفتوگۆکانیان لە مانگی ئابەوە تا کاتژمێرەکانی پێش راپەڕین لە یاداشتەکاندا بخوێنیتەوە هەمووی لە نێوان ئەگەری لێدان و لێ نەدان خولاوەتەوە, ئامادەکاری بوو بۆ ئەگەرەکان,

پلانەکانیان پلانی حازر خۆری بووە, ئەوەشی روویدا سواری ملی راپەڕینی خۆڕسکی خەڵکی عێراق و کوردستان بوون, جەماوەر لە ئەوان شۆڕشگێڕتر بوون.

ئەگەرەکەی حازم کوتك
حازم کوتك لە بنەماڵەیەکی جوتیاری فول دژ بە ئاغایی دەشتی هەولێر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە, شۆرشگێڕییان فولە بە بنەماڵەوە, کاتێك لە ئێران خەریکی شۆفێری دەبێت وەك زۆربەی پێشمەرگەکانی دیکە, لە خۆشی داگیرکردنی کوەیت کە بە گەورەترین کەرایەتی سەدام دەزانێت لە یەکەم چرکەوە, کە هەواڵەکەی دەبیستێت "حازم کوتك دوو نەفەری هەبووە بیانبات بۆ سەردەشت، لە خۆشی ئەو هەواڵە نایانبات، گوایە بزن نانی شوانی خواردووەو سەدام دەڕوخێت و دەگەڕێتەوە بۆ تاقیبی هەواڵەکە, شار بە شار دەگەڕێت بەدوای خوێندنەوە بۆ ئەگەرەکان".
حازم ڕۆژی لێدانی عێراق ماشینەکەی لێ دەبێتە بەڵاو دەیداتەوە بەوەی لێی کڕیوە بە زەرەر, چونکە لای مسۆگەرە ئەم کەرایەتییەی سەدام سەری دەخوات.

گەڕانەوە دوای ئازادی هەولێر
لە کاتێکدا هەزاران ژن و پیاوی وەك خەجە باوە لە هەولێر لە پێشەوەی خەلچکدا بوون ئەوێ رۆژێ, دوای مسۆگەر بوون لە ئازادکردنی شاری هەولێر, ئەوجا مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا, بێ ئاگادارکردنەوەی لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی, بە بێ دەنگی بڕیاری هاتنە ناوەوەی باشووری کردستان دەدەن و لە سنوور دەپەرشێنەوە, لایەنەکان دی لە گەڵ خۆیانا ناهێنن.
مەسعود بارزانی دەڵێت" لە ١١ی ئاداری ١٩٩١-دا، لە قاسمە ڕەشەوە بە ڕێکەوتین و بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بە پێ ڕۆیشتین، سەیارەکان لە نزیك سونێ چاوەڕوانمان بوون، لەوێوە بەرەو ڕانیە ڕۆیشتین.". بە قسەی سەید کاك بێت" کاك مەسعود و کاك نەوشیروان بە ئۆتۆمۆبیلەکەی سەید کاکە, دەگەنە ئەو ئۆتۆمۆبێلانەی بەدوایانا ناردرابوو. لە هاتنەوەشیان لە بری ئەوەی یەکسەر بگەنە هەولێر, لە بێتواتە و سەرچیا میوانی دوو ئاغای موستەشار دەبن.

ئەگەر

ئەگەر راپەڕین لە کوردستان وەك باشووری عێراق سەرکوت بکرابایا بێ دەستکەوتەکانی کۆڕەو, وەك هەڵەبجەو ئەنفال پاَوان و نەخشە داڕێژەرو ئەندازیاری نابوو, بگرە ئەندازیارەکەشی وەك تاوەنەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و حاجی ئۆمەران کە هەیان بوو خۆیان دەشاردەوە, وەك ئەو تاوانانە هەتیو و بێکەس سەری دەنایەوە, کەس نەك باسی ئەندازیاری ناکرد, بگرە بەڵگەنامەی قولابیشیان بۆ پاکانە کردن لێی دروست دەکرد.
تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی بڵاو کراوە نییە هیچ هێزێکی کوردی پێش ئەو مێژووە" راپەڕینی بەسرە١-٣-١٩٩١ "بانگەوازی بۆ راپەڕین کردبێت, ئەوەی هەبووە جوڵەو پەیوەندیکردن و خۆ رێکخستنەوە بووە بە بێ دەنگی, بگرە چاویان لە مفاوەزات و رێکەوتنیش بووە, لەو بێ ئومێدییەی تێی کەوتبون وەك خۆیان وتویانە جورئەتمان نییە وەك م م بڵێین ئاش بەتاڵە., دەشێت دوای گرتنی کوەیت وەك خوێن جمانی بهارانە ئومێدێکیان پەیدا کردبێت لایەکیان لێ بکرێتەوە,
منداڵێکیش بەو کەم هۆشیەی خۆیەوە بایی ئەوە ژیری هەبوو, دوایی حەڤدەی جەنیوەری ١٩٩١ کە دەست بە لێدانی عێراق کرا ئەگەرێك بۆ روخانی رژێم لە ناو کۆمەڵێك ئەگەری دی دابنێ.
هەموو کەس لە تاریك و روونی شەبەقی بەیانی پێنج شەممەی رێکەوتی ١٧-١-١٩٩١ەوە دەیزانی سەدام لە شکستە, چاوەکان دوکەڵ و ئاگری فرۆکەکانی هاوپەیمانانی دەبینی, گوێیەکانیش گوێ بیستی تەقینەوەکان بوون, لەبان خانووەکانەوە چەپڵەیان بۆ لێدەدرا.
بە بڕوای ئێوە راپەڕینێك دوای ئەم هەموو روداوە گەرم و شکستە مەزنەی سەدام هاتبێت, دەشێت ئەندازیاری هەبێت؟؟, وە ئەندازیارەکەشی بۆ خۆیان فیشەکێکیان نەتەقاندبێت؟؟ ئازیزێکیان خوێن لە لوتی نەهاتبێت؟؟؟؟, لەناو رداوەکان نەبووبێتن؟.

کۆڕەو سەرکەوت
راپەڕین تەنها دوو ساڵ و نیو دوای هەردوو تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال ئەنجامدرا, هێشتا شوێن بزر بوونی ئەنفالکراوان و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە زەینی خەڵکدا مابوو, هێشتا دوکەڵی کیمیاوی و تەپ و تۆزی روخانی گوندەکان و کوشتنی خەڵك لە بەرچاوان بوو, هێشتا خەڵك بە دوای چارەنووسی ئەنفالکراوانەوە بوون بە زیندویی, هێشتا ترس و لەرزی فرێ

دانە خوارەوەی هاوولاتیان لە کۆپتەرەوە لە زەین و هۆشیاندا بوو, هاوکات دژە سەرکوتکردنی راپەڕین لە باشووری عێراق. حوسێنی زیندوو" حوسێن کامل" گولەی تانکەکەی کە نای بە حوسێنی مردووەوە, نیشانەی دەست نەپاراستن بوو. کوژرانی ٥٠٠٠ بەعسی لە راپەڕین بە کوشتنی ١٠٠ هەزار لە هاوولاتیانی باشوور وەڵام درایەوە, ئەم دوو وێنە تراژیدیایە ئێستا و ٨٨ خەڵکیان هاندا کۆڕەو بکەن. لە سەرەتادا هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە ناو شاری هەولێر رێگری توندیان لە خەڵك کرد شار بەجێ بهێڵن, ئێمە تا بەرە بەیان بە ئۆتۆمۆبیلی پڕ لە ژن و منداڵی جل وبەرگ رەشەوە, هەموو لە پرسەی شەهیدو ئەنفالدا بووین, رێگایان نەدا لە شار دەرچینە دەرەوە, وەلێ کە گولەی تۆپەکان گەیشتە دەوروبەری هەولێرو رێگرکەران هەلاتن, ئیتر وەك روبار جەماوەر رێگای خۆی کردەوە, لێرەشدا خوێنی ئەو خەڵکەی لەو رۆژەدا بووونە قوربانی لە ئەستۆی چەکدارەکانی بەرەی کوردستانییە ئەوانەی کە رێگرییان کرد.
خەڵك بە بەجێ هێشتنی ماڵ و شار, ئەو داستانەیان خولقاند کە لە مێژوودا ناوی نرا کۆڕەو, دوای تەنها چوار رۆژ, داستانی برسی و سەرما بردووەکان چووە سەر مێزی نەتەوە یەکگرتووەکان.٥ی ئەپرێل بڕیارێکی هەشت خاڵی بەناوی بڕیاری ٦٨٨ لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچوو بۆ پاراستنی خەڵکی سڤیل, بەمەش کۆڕەو بووە هۆکاری گۆڕانکاری بۆ یەکەمجار لە مێژووی گەلی کورددا لە باشووری کوردستان. هەڵەبجە و ئەنفال لە کاتی خۆیدا نەیانتوانی کاریگەری دابنێن, بەڵام کۆڕەو کە روحی نەمردووی هەڵەبجەو ئەنفال و کاردانەوەی ئەو دوو تراژیدیایە بوو, جیهانی هێنایە دەنگ=.
راپەڕین ئەنجامی نەبوو, وەلێ شکستی راپەڕین بووە سەرکەوتن. دوو هۆکاری دواتر هاتنە پێشەوە شەڕی کۆڕێ و بە رادەی کەمتر ئەزمڕ و راپەڕینەکانی مانگی تەموزی هەمان ساڵی ناو شارەکان, وە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە سەرقەڵاو گەرمیان, هەموو ئەمانە سەرکەوتنەکانی کۆڕەویان جێگیرترو بەرفراوانتر کرد.
کەواتە لە راستیدا هەر ئێمەی جەماوەر ئەندازیاری راپەڕین بوبێتین, ئەوا بێشك ئەندازیاری کۆڕەوی ملیۆنی و راپەڕینی تەموزی ناو شارەکان بووین, ئەم واقعەی دروست بووە بەری رەنج و تێکۆشای هەمووەمانە, نەك بەشداربووانی کۆبونەوەکانی فەیلەقی نەسر لە کرماشان و بە دەست لێدان بۆ هاوکاری پاشکۆکانی ئێران لە باشوور جوڵەیان کرد.

هەموو رووداوەکان ئەوە دەردەخەن, دەستپێکی راپەڕین لە عێراق و کوردستان خۆرسکی بووەو ئەنجامی رق لە شکست و سەرکوت, نەك ئەنجامی نەخشەو پلانەکانی کۆبونەوەکانی کرماشان و رێنوێنییەکانی فەیلەقی نەسر.
لێرەدایە رەو کردن و راکردن بەسەر پەلامارو هێرشدا سەردەکەوێت, بیچ چەك بەسەر چەکداریدا, ژن و منداڵ بەسەر سمێڵ و باسکی بەهێزدا, ئەمە مێژوویەکی نوێیە لە جیهانی نوێدا.

سەرچاوەکان:
الانتفاچه الشعبانیه - ویکی شیعه

https://www.albasrah.net/ar_articles_2023/0823/safwat_140823.htm https://www.facebook.com/watch/?v=1069997837562544
https://www.youtube.com/watch?v=lQTtedTyLyg
https://www.youtube.com/watch?v=kKcZqzChj28
https://merip.org/1992/05/why-the-uprisings-failed/
https://elaph.com/Web/Opinion/2018/07/1214054.html
https://www.historyofkurd.com/2016/03/16/%D8%B1%D8%A7%D9%BE%DB%95%DA%95%DB%8C%D9%86-%D9%88-%DA%86%DB%95%D9%86%D8%AF-%D8%B1%D8%A7%D8%B3%D8%AA%DB%8C%DB%95%DA%A9%DB%8C-%D9%85%DB%8E%DA%98%D9%88%DB%8C%DB%8C-%D8%A8%DB%95%DA%B5%DA%AF%DB%95%D9%88/
حەفتاو ساڵ ژیان ... پەنجاو نۆ ساڵ تێکۆشان ( بیرەوەریەکانی خەباتی مەلا حەسەن) فەتاح تۆفیق فەتاح چاپی یەکەم ٢٠٠٨ - چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەولێر
هەڵۆ سوورەکانی قەندیل فەریدون عەبدوالقادر ٢٠٢٠ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کرد بەرگی چوار, بەرگی پێنجەم چاپی یەکەم حوزەیرانی ٢٠٢٢
مام جەلال دیاری تەمەن ئامادە کردنی سەلاح رەشید- بەشی دوەم -چاپی یەکەم ٢٠١٧ چاپخانەی کارۆ
قەندیل بەغدای هەژاند..بەشی سێیەم نووسینی ڕێباز چاپی دووەم ٢٠١١
٥٧ساڵ خولانەوە لە ژێر وەهمی شۆڕشدا حازمی عەلی کوتك- دەزگای فێربون ٢٠٢٠
بیرەوەری پێشمەرگەیەك سەید کاکە چاپی چوارەم, ٢٠٢٠-

https://www.peyserpress.com/detail/8505
https://www.wtarikurd.info/2017/03/01/%D8%AF%D8%A7%D9%86%D8%A7-%D8%AD%DB%95%D9%85%DB%95%D8%B9%DB%95%D8%B2%DB%8C%D8%B2-%D8%A8%DB%86-%D9%85%DB%8E%DA%98%D9%88%D9%88%D8%8C-%D9%86%DB%95%D9%88%D8%B4%DB%8C%D8%B1%D9%88%D8%A7%D9%86-%D9%85%D8%B3/